# ئیدانەکردن و هاوارێك

فاتمە عومەر ڕێشاوی

چەند ڕۆژێك لەمەوبەر وێنەکانی کیمیا بارانی هەلەبجەو ئەنفال ناخیان لە هەندەرانەوە هەژاندبووم بۆیە بەدەم گریانەوە خامەم گرتە دەست بۆ ئەوەی گوزارش لەو هەژاندنە بکەم. هێشتا نوسینەکەم تەواو نەکرد بوو ڕووداوی سەرهەلکوتانەکەی سەر بارەگاکانی یەکگرتووی ئیسلامیم بیست ئەوەندەی تر ناخی هەژاندم و خامەی جولاندم. ئەوەی بەلامەوە سەیر بوو چۆن ئەوە لەبیرکرا کە سەرانی یەکگرتوو هەموویان خەلکی هەلەبجەی خنکێنراون و کیمیا بارانیان بە چاوی خۆیان دیوە.
من بەش بەحالی خۆم هەرگیز نە یەکگرتوو بووم و نە پێم باش بوو کاتێ بڕیاری جیابوونەوەیان دا و گومانیان لەسەر خۆیان دروست کرد. بەلام ئەوان ئازادن لە هەر بڕیارێك دەیدەن. و هەرچۆن بێ و لەژێر هەر ناو بیانوویەکدا بێ کاری پەلاماردان و تالانکردن ناڕەوا و نامرۆڤانەیە و ئەخلاق و ویژدان داوا دەکەن ئەو کارە نابەجێیە و هەموو کارێکی تر لەو جۆرە ئیدانە بکرێ .

ڕەخنەی من ڕەخنەیەکی سیاسی نیە , ئەوەندەی ڕەخنەیەکی ئەخلاقی و ویژدانیە بۆیە ڕوو لە کۆمەل و کەلتورێك دەکەم کە زۆر سادە و ساتەوەخت حکوم دەردەکات و لێی دەپرسم ئێوە ئەی جەماوەر چۆن لە خۆتان ڕازی دەبن کارێکی وا نابەجێ دەکەن و سەرکردەکانتان حاشای لێدەکەن و ئیدانەی دەکەن. دوای ئەوە بەچی وای لێهات کە کۆمەلی ئیسلامی ببنە دۆستی کورد و یەکگرتوو ببنە تێکدەر ؟؟.
جگە لەوەش بیری پارتەکان و لایەنگرانیان بخەمەوە با بەس بێ, ئەوەندە خۆیان بە دەسکەوتی خەباتی چەکداریەوە هەلنەکێشن و مننەت بەسەر خەلکدا نەکەن.. .. چونکە ئەگەر مننەت بەسەر خەلکێکدا کە خەباتیان نەکردووە بکرێ, ئەی چی بەوانە دەووترێ کە پێش لەشکری ئەنفال کردن دەکەوتن و بێ تاوانیان بە گرتن دەدا, بەر ئیدانەش و دادگایی کردنیش ناکەون ...؟؟

دوای ئەوە کێ هەیە لەم کوردستانەدا باجی خەباتی چەکداری نەدابێ. سەرەڕای ئەوەی دوژمنی کورد و مرۆڤایەتی لە ناوچەی ڕۆژ هەلاتدا ئەوەندە دوژمنێکی سەخت بووە, لەگەل ئەو خەباتەشدا نە لە کیمیا باران و نە لە ئەنفال و نە لە تعریب و نە لە تەهجیر قورتار نەبووین . کەواتە دەبێ ئەو ڕاستیە لەبیرنەکەین بە بێ گۆڕانەکاریە نێودەولەتیەکان و و ڕۆلی ئەمریکا, ئەمڕۆ ئێمە هەرگیز نەگەیشت بووینە ئەم بارەی کە تێیداین.

جا دەگەڕێمەوە بۆ لای ئەوەی لە ناخمدا بە هۆی وێنەکانی کیمیا بارانی هەلەبجەو ئەنفالەوە پەنگی خواردەوە و ویستم گوزارشی لێبکەم بەم شێوە بوو :

پێش مەرگی لەبری ژیان لە پێناوی کورد وکوردستان هەل نەبژێردرا ؟......, شاخەکان نەبوونە مال و پەناگا؟ ... ., خەلکی شار و دێکان دەربەدەرنەکران ؟...., بەندیخانە ئاشکرا و نائاشکراکان پڕنەکران ؟ .. بۆمباران نەکراین ؟..., ناپالم باران نەکراین ؟ ,

**کیمیاباران نەکراین؟ ,ئەنفال نەکراین ؟ هەلەبجە و قەلاچۆلان و بالیسان و بادینان دەجار نەخنکێنران ؟ خوێنی هەزاران هەزاران نەڕێژرا ؟ گولالە و گول ودار وسەوزایی نەسوتێنران ؟. . بالندە و پەپولە و مێروو و مێرووله نەخنکێنران ... هەزاران پەیکەری وەك عومەری خاوەر لە مێشك و دلی ڕۆلەکانماندا نەتاشرا ؟, چەندەها جار ڕەو و کۆچمان پێنەکرا ؟ هەزاران بەزیندووی لە چال نەنران.. هەزارانی تر بێ سەرو و شوێن نەکران ؟.........هەزاران ئۆردووگای زۆرە ملێ ڕووخساری ولاتی نەشێوان ؟**
**تعریب و تهجیر نەبوونە کابوسی هەزاران لە دانیشتوانی کوردستان؟...هەزاران ئەی ڕەقیب و سروودی نەتەوایەتی و کوردایەتی و سەربەخۆیی لە بیر منالەکانمان نەبران ؟ ... ..........**

**ئەمانە بۆ هیچیان نەبوونە هۆی یەکگرتنمان ؟ خۆشەویستی و بەزەیی بۆ نەخستە نێوانمان ؟ بۆ لێبووردن و**
**قبولکردنی یەکتری فێرنەکردین ؟ بۆ لە شەڕی برا کوژی و شەڕی دەسەلات بەدووری نەگرتین ؟ پانزە سال لە نیمچە سەربەخۆیی بۆ وای نەکرد گەنج و پیرمان بۆ هەندەران سەرهەلنەگرن و ئاخ هەلنەکێشن ؟ بۆ وای لێنەکردین بە خۆشیەوە بەرەوسندووقی دەنگدان بڕۆین .**
**وێنەکانی کیمیاوی و ئەنفال و گۆڕی بە کۆمەل لە میدیاکاندا بوونەتە دەسکەلای دەستی پارتەکان زوو زوو برینی خەلکی پێ دەکولێننەوە . بۆچی ؟؟ بۆ ئەوەی دوو کەس زیاتر بچن دەنگ بدەن. چیتان ئەوێ بیری خەلکی بخەنەوە ؟ ئێوە خۆتان لە پێش هەموو کەسەوە شەهید و نەهامەتی و قوربانیەکانی کوردتان بە براکوژی دوێنێ و شەڕی دەسەلات و گرفان پڕکردنی ئەمڕۆتان لە بیر چووەتەوە.**

**لە هەلبژاردنە دواییینەکەی ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا پارتەکەی بوش لە میدیاکانەوە وێنەکانی 11ی سێپتەمبەر وقوربانیانی لە ناوەندی پڕوپاگەندەکانیدا کە بۆ خۆی دەکرد, بەکار هێنا . ئەمە بووە هۆی توڕەکردنی خەلکی بێ لایەن و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و پارتەکەی تر بە بەلگەی ئەوەی کە کارێکی لەو جۆرە بە مۆنۆپۆلکردنی ئەو ڕووداوە بۆ بەرژەوەندی پارتێك, دەژمێردرێ . ئەمەش نەگونجاوە چونکە ئەو ڕووداوە پەیوەندی بە هەستی نەتەوایەتی هەموو ئەمریکیەکەوە هەیە ..**
**ئێوە ئەی پارتەکان ؟؟ بەرنامەتان و خزمەتگوزاریتان و هەولەکانتان بۆ دروستکردنی دادوەریەکی کۆمەلایەتی. وا دەکات کە خەلك بچێت بۆ دەنگدان نەك تۆقان و ترسانیان ئەو وێنانە. کە خەلك وا لێ دەکات هەر جارێکی تر ئەممان بەسەر نەیەت ئیتر هیچمان ناوێ واتە هەر چاوی لە خراپتر لەمە بێت کە ئێستە تێییدایە و باشتر داوا نەکا!!. تاکەی وابکات ؟؟ ئێمەی کورد پێویستە ئەو کابوس و مۆتەکەیە وەك گەلانی تر بەجێ بێلین, تەنها سالانە یاد بکرێنەوە نەك لە هەموو ئەزمەیەکدا بۆ مەبەستێك بەکار بهێنرێن .**
**ڕاستە گۆڕانکاری هەیە ئیش کراوە بەلام ئەگەر لێبڕاوی و دەست پاکی سیمای کاربەدەستان بوایە دیارە بە ماوەیەکی کەمتر لەمەش زیاتر دەکرا ..... هەلەبجەییەك چی لە مۆنەمێنتی شەهیدانی کیمیا باران لەبەردەم دەرگای شارەکەیدا, بکات و لە کاتێکدا ڕەش و ڕووت و سوتاوی, سیمای کوچە و کۆلان و بازارەکان بێ . یان چی لەسەر قەبرانێ بکات وەك بوکی بەرگ سپی ڕازاوە بێت و شار بێ ناز و ووشك و تاریك بێ ...**

**هەر لێپرسراوێك لە میدیاکانەوە دەبینین باسی سەختی گرفتی کارەبا و هەولی بێ ووچانی خۆیانمان بۆ دەکات. بەلام ئەمە کاتێ قبولە کە مالەکانی خۆشیان تاریکی بە خۆیەوە بدیایە. یان دەیانەوێ پێمان بلێن ئەوان هەولی زۆر دەدەن بۆ گرفتی سوتەمەنی .. بەلام نەمان دی ڕۆژێك یەکێك لە خۆیان لەسەرەدا بۆ بەنزین بوەستێ. یان نەمان بیست شەوێك یەکێك لە خێزانەکانیان لەبەر نەبوونی گەرمی بەبەتانی خۆیان بپێچنەوە . ئەوە ئیتر باسی مۆدێلی سەیارە و دیکۆری خانووبەرە و ناومال و قەسری کۆنفرانس و میوانداریيان و ژمارەی ئەو کۆمپانیا و کارگە و زەویانەی بە ناویانەوەیە , باس ناکرێ.**
**بەلێ گەندەلی و تەزکیە و خزم خزمێنە پەیوەندی تەنها بە پارتەکانەوە نیە بەلکو گرفتێکی کۆمەلایەتی سەخت و قولە. بەلام ڕەخنەی من لەوان وەك پارت و ڕێکخراو نیە بەلکو وەك کەلتوور و کۆمەلگەیە چونکە**
**پارت یان لێپرسراوەکان کێن ؟ ئەندامی ئەم کۆمەلگایەن .**

**ئیتر ئەبێ تێ بگەیین ئەگەر ڕەوشت و دادوەری کۆمەلایەتی و یەکسانی و خۆشەویستی و بەزەیی و برایەتی نەبێ هەموو ئەو قوربانیانەی کە دراوون لە دوژمن نامانپارێزن و نامانگەیەننە ئامانج و. . ڕۆحی هەموو ئەو قوربانیانە بەڕاسەری گەورە و بچوکمانەوە یە وورد دەبێتە وە بزانێ ئەو خوێنەی ئەو ڕشتیە بنی داری ئازادیەوە چ بەرێکی گرت ؟ چ سێبەرێك و سەوزاییەکی بەخشی ؟؟ بە تەنها بە ژمارەی شەهیدکانمان و و خوێنی ڕژاو و مالی وێرانی خەلکی ئەنفال و کیمیاباران فیدرالی و دیموکراسی و سەربەخۆیی تان پێناچەسێ و سەددامتان پێ دادگایی ناکرێ.**